کێشەی قەرزەکانی عێراق وهەوڵەکانی یانەی پاریس بۆ سڕینەوەیان

هاشم زێباری *

به پیی ئامارەکانی پوستی دروای جیهانی سەبارەت قەرزەکانی سەر عیراق کە زوربەیان لە لایەن ولاتانی یانەی پاریسەوە بە عیراق دراون دەگاتە نزیکەی (١٢٥)ملیار دولار کە (٤٢)ملیار لەو قەرزانە بو ولاتانی ئەندام لە یانەی پاریس دا دەگەڕێنەوە کە بریتین لە ولاتانی وەك یابان وروسیا وفەرەنسا وئەلمانیا وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ونەمسا وئوستراليا وبەلجیکا وبریتانیا وبەشێکی زوری قەرزەکانی عیراق لە لایەنن ولاتانی عەرەبیشەوە پێدراون .لە کاتێکدا قەرزەکانی بانکە بازرگانیەکان لە سەر عیراق تەنیا رێژەیی (١٢) لە سەدد لە سەرجەم قەرزەکان پێکدئێنێت .پا رۆخاندنی رژێم چاودێرانی سیاسی وئابووری ودەزگا جیهانییەکان پێشبینی ئەوەیان کرا کە پێویستە ئاسویەکی گەش لە بەردەم گەلانی عیراق بکریتەوە وچیتر باجی سیاسەتە سەر شێتەکانی رژێمی پێشوو نەدەن وداوای دەکردن کە هەموو قەرزەکانی سەر ئەم ولاتە ویرانە لابدرێن .واتە (٩٠)یان(٩٥)لە سەدە .تاوەکو ئابووری عیراق بتوانێت بەردەوامی بە پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری بدات وئینجا خزمەتکردنی قەرزەکانیان .وزێدەباری کێشەی قەرزەکانی عیراق کێشەی قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی شەڕیش فشلر دروست دەکات بو ئابووری عیراق .کوبوونەوەی ئەم هەموو قەرزانە بە سەر عیراق لە ئەنجامی سیاسەتی رژێمی پێشوو لە بواری سەربازی دا سەریهلداوە کە بو مەبەستی پارەدارکردنی خەرجیەکانی سەربازی لە سەر حیسابی بوژانەوەی ئابووری وباشترکردنی ژیانی هاولاتیان ، خەرجیە سەربازیەکان بە پیی ی ئامارە رسمیەکان لە نێوان سالانی (١٩٥١ ـ ١٩٧٠)گەیشتە (٧٨٧)ملیون دولار بە رێژەیی (٧,٦)ملیار دولار لە ماوەی سالانی حەفتاکاندا زیادی کرد.١١ولە قوناغی سالانی هەشتاکان دا وشەر عیراق ـ ئیران گەیشتە (٢٠)ملیار دولار کە بویە هوی لە باربردنی نیوەی داهاتی گشتی ناوخوی لە عیراق دا. لە بەر ئەمە ئابووری عیراق دواتر لە حالەتێکی ناسرۆشتی دا ژیاوە بە درێژایی (٣٠)سالی رابردوو دا.وپاش ئەوەی وەزیرانی دارایی پارێزگارانی باتکەکان سەر بە بیست ولاتی خاوەن باشترین ئابووری لە جیهان دا لە بەرلین لە ناوەراستی ناتگی رابردوو دا کوبوونەوە بو نەبەستی لیکولینەوە لە باردوخی ئێستا وئایندەی ئابووری جیهانی گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە پێویستە بە رێژەی (٨٠)لە سەدە لە قەرزەکانی بسرینەوە لە چوار چێوەیی چەند قوناغێکدا، بەلام لێرە پرسیارێك تەرح کرا بە تایبەتی حکومەتی ئەلمانیا کە پێی وایە کە سرینەوەی ئەو قەرزانە چوون ولاتێکی وەکو عیراق کە خاوەنی نەوتێکی زۆرە دەتوانێت سوود لەو هاوکاریە نێودەولەتیە وەربگریت ،بەلام ولاتێکی وەکو فەرەنسا کە هەر لە سەرتاوە دژی شەر بووە کە زیاتر لە هەموو ولاتانی یانەی پاریس قەرزی لە سەر عیراقە ئەویش بریتی یە لە (٢,٩٩٤)ملیار دولار لە سالی رابردوو دا پێشنیارێك کردبوو بو سرینەوەی نیوەی قەرزەکانی یەر عیراق وراگرتنی هەر جورە هاوکاریەك لە قەرزپێدانی عیراق بو ماوەی سێ سالْ پاشان چاوخشاندنەوە بکرێت بە باردوخەکەدا، وحکومەتی کاتی عیراق بە بەردەوامی هەولی داوە کە قەناعەت بە ولاتە دەولەمەندەکان بکات کە سرینەوەوی قەرزەکانی پێشوو کە بریتین لە (١٢٢)ملیار دولار تەگەرەیەکی سەرەکی یە لە رێگای پرۆسەی دووبارە ئاوادانکردنەوەی ولات.وتشتی باش ایرە دا ئەوەیە کە پەرپرسیاریەکی نیودەولەتی دروست بووە لە بەرامبەر مەینەتیەکانی گەلانی عیراق تا ئەو رادەیە کە ولاتێکی وەکو بلگاریا کە خاوەن هەژارترین ئابووری لە ئەوروپا دا لە سەر زاری وەزیری دارایی ئەو ولاتە خوشحالی خوی لە بەرامبەر هەنگاوەکانی یانەی پاریس دەربریێت بو سرینەوەی قەرزەکانی سەر عیراق کە قەرزەکانی بولگاریا لە سەر عیراق تەنیا (١,٧٥)ملیار دولارە .وبە پیی ئەو پارەیەی کە عیراق پێویستی پیتی هەروەکو لە راپورتی بانکی نیودەولەتی دا هاووە دەگاتە (١٧)ملیار دولار بو بکردنەوەی پیویستیەکانی ئاوادنکردنەوەی عیراق بەم شێوەیی خوارەوە.:

بواری یاسا وئاسایش دا (٣٢٣٢١٢١٠١)ملیون دولار.

بواری فێرکردن وپەروەردە (٧,١٩٠٥,٣١٠١,٨٨٠)ملیار دولار .

ـ بواری تەندروستی (١,٦٠٠١,١٠٠٥٠٠)ملیار دولار

بواری گواستنەوە وگەیاندن (٣,٤٠٩٢,٣٦٦١,٠٤٣)ملیار دولار .

کارخستن (٧٨٥٤,١٠٣٧٥)ملیون دولار. کارەبا (١٢,١٢٢٩,٩٦١٢,٣٧٧)ملیار

ـ ئاو (٦,٨٤٢٤,٩٦١١,٨٨١)ملیار

کشتوکال(٣,٠٢٧١,٧٩٧١,٢٣٠)ملیار

ـ پێشخستنی کەرتی تایبەت (٦٢١٤٧٦١٤٥)ملیون دولار.

ـ چاکردنەوەی دام ودەزگای دەولەت (٢٠٠١٧٠٣٠)ملیون دولار.

ـ دارایی (٨١١٠٧١)ملیون دولار.

ـ روخساندنی کەش وهەوای وەبەرهەم هێنان (٣٤٠٢٩٦٤٤)ملیون دولار.

لێردە دا بو ئێمە روون دەبیت کە کورت بریەکی گەورە هەیە لە دارایی پیویست دا وئەمەش چەند بێت گەورتر دەبێت لە سایەی ئەو کێشەی بنیاتگەری کە ئابووری عیراق لە ژێرەوەی دەنالێت بە درێژایی سالانی رابردوو دا کە ئەمەش وای لێدەکات کە ئابووری عیراق نەتوانرێت بنیاتی بەرهەم هێنان گەشەی پێبکات لە سەر ئەساسی بنیاتێکی پیشەسازی مودێرن .بو زانینی سەرجەم ئەو قەرزانە وبەشی هەر ولاتێکی یاتەی پاریس بروانە خشتەی خوارەوە .

ولات	قەرز لە سەر عیراق
فەرەنسا	٢,٩٩٤ملیار دولار
ئەلمانیا	٢,٤٠٤ملیار دولار
یابان	٤,١٠٩مابار دولار
روسیا	٣,٤٥٠ملیلر دولار
ویلایەتە یەکگرتووەکان	٢,١٩٢ملیار دولار
ئیتالیا	١,٧٢٦ملیار دولار
بریتانیا	٩٣١ملیون دولار
کەنەدا	٥٦٤ملیون دولار
نەمسا	٨١٣ملیون دولار
ئوستراليا	٤٩٩ملیون دولار
ئیسپانیا	٣٢١ملیون دولار
بەلجیکا	١٨٤ملوین دولار
سوێد	١٨٦ملیون دولار
سوبسرا	١١٧ملبون دولار

ئابووری داهاتووی عێراقی فیدرال
پشێوی و بێ سەروبەری ئابووری و ڕەهەندەکانی

شەماڵ نوری*

ئابووریناسێك و بگرە هاولاتیەکی ئاسایی لە شەقامی کوردی ئەو راستیە دەزانێت، کەلەدوای ئازادکردنی عێراقەوە هەولێکی جدی و زانستیانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشە ئابووریانە نەدرا، کە حکومێکی شمولی وەکو میرات بۆی بەجێ هێشتووبێ، تەنانەت زۆر لە بڕیار و ماددە ئابووریەکانی تر هەر لە چاپ کردنی دیناری نوێ و دانانی یاسای سەرمایە گوزاری بیانی و یەکلا کردنەوەی ئیداری و ئابووری ناوچە تازە ئازاد کراوەکان لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نەبوو، بگرە لە یاسای کاتی ئیدارەی دەولەتی (عێراقی بەناو فیدرال) بڕگە و ماددە ئابووریەکان شەفافیانە و وردە کاریەکانی دابەشکردنی دەسەلاتە ئابووریەکان و چۆنیەتی رێکخستنی داهات و خەرجیەکان لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان یەکلا نەکراوەتەوە حکومەتی ناوەندی لەرووی دارایی و ئابووریەوە مامەڵەو هەڵس و کەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە پێی فیدرالیەت و خسوسیاتی ناوچەکە نەبووە، زۆر جار واهەست دەکەی لە عێراقێکی فیدرالدا نیت و هەر عێراقە کۆنەکەی جارانە.
ئەو راستیەشیان فەرامۆش کردووە، کە دەکرێت هەرێمی فیدرال خاوەنی دەستووری تایبەتی و نێوخۆیی بێت و، هەندێك لە دەسەلاتەکانی ناوەند بەسەر حوکم و ئەنجومەنە نێوخۆییەکانی ئیقلیمی و هەرێمەکاندا دابەش بێت، بگرە زۆر لە پرۆژە ئابووری و خزمەت گوزاریەکاندا بێ رەزامەندی ناوەند ئەنجام بدرێ.
داهات و سەرچاوە ئابووریەکان کە سەرچاوەکەی لە پەترۆل و فرۆشتەنییەکانی نێردراوی نەوتی عێراق و کوردستانەوە سەرچاوە دەکرێت، ئاست و بڕ و داهاتەکانی دیار نیە لە کاتێکدا دەکرا وەزارەتی پترۆلی عێراقی مانگانە لەرێگای کۆنگرەی رۆژنامەوانیەوە ئاماژەی بە بڕی نەوت و فرۆشتن و داهاتەکان بکردایە، نابێت ئەوەش پشت گوێ بخەین کە ژمارەی کرێکارە کوردەکان لە پالاوتگە و چاڵە پترۆلیەکان و وێستگەکانی کەرتی نەوت لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەر نابێت. بۆ نمونە لە کێڵگەکانی نەوتی کەرکوك کە بە یەکێك لە کێڵگە نەوتە سترا تیژیەکان لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت کرێکار و کارمەندی کورد لە سەد کەس تێپەر ناکات. ریسواییەکەی کۆفی گێت و ئاشکرا بوونی دزین و بەردیلەکانی ناو بەرنامەی ٩٨٦ی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، کە تاکو ئێستا پتر لە ٣٠ملیۆن دۆلاری بۆ لێکۆلینەوە و لێپرسینەوەی بەردیل خۆرەکان و بەرپرسە تێوە گلاوەکان تەرخان کراوە ئاکامێکی وای لێنەکەوتۆتەوە، جگە لە بە هەدەر دانی ملیۆنەها دۆلار و درێژکردنەوەی لێکۆلینەوەکان نەبێت.
باسکردن و وروژاندنی کەموکورتیەکانی رابردوو لە پاڵ هەڵدانەوەی دۆسێی گەندەڵکاری و بڕیارە چەوتە ئابووریەکان، تەنیا باکگراوندێکە بۆ ناساندنی کەموکورتی و دووبارە نەکردنەوەی، بۆیە لێرەدا پتر ناچمە ناو باسێکی مێژوویی بەڵکو قۆناغی ئینتقالی و داهاتوو دەوروژێنم و دەیخەمە چوار چێوەیەکەوە تاوەکو شارەزایانی ئەکادیمی ئابووری و بەرپرسانی پراکتیکی و دەستە بژێری رۆشنبیر و بوارەکانی تری ناو کۆمەڵ قسە و بۆچوون و رەخنەکانی خۆیان لە سەر بکەن، تاوەکو بە رێنمایی و پێشنیار و بۆچوونەکان پرۆژەیەکی ئابووری ستراتیژی بۆ کوردستان دارێژرێ.

-١-

فیدرالەت و دابەشبوونی دەسەلاتە ئابووریەکان

شێوازی فیدرالییەتەکەو شێوازی دابەشبوونی دەسەلاتەکان،جۆری فیدرالیەت و ئەرك و مافەکانی هەرێمی فیدرالی دیاری دەکات، بگرە چەند پرسیرێك دێنێتە پێشەوە، ئایا ماددە و برگەکانی یاسای کاتی ئیدارەی دەولەت تاچەند دەسەلاتە ئابووریەکانی لەنێوان ناوەند و هەرێمدا دابەشکردووە؟
ئایا داهات و خەرجیەکانی ودانانی بودجەی دارایی ساڵی نوێ لەسەر چ بنەمایەکە؟ بەشە داهاتی کوردستان کێ لێی بەرپرسیارە و؟ دەیان پرسیری دیکەی بێ وەلام، کە ئەرکی سیاسەت مەدار و چین و توێژەکانی تری ناو میللەتە قسەی لەسەر بکەن و فشار و پاڵە پەستۆ بۆ ناوەند بهێنن، تاوەکو گەلی کورد و دانیشتوانی کوردستان لە ئەرك و مافەکانیان شارەزا بێ و چیتر زیاتر زۆرینەی میللەت بێ ئاگا نەبێ لە کاروبارە ئابووریەکان.

-٢-

بودجەی هەرێمی کوردستان

لە تیورە ئابووریە هاوچەرخەکاندا بە بەردەوام تەئکید لەسەر رۆڵی مرۆڤ و خزمەت کردنی دەکرێتەوە، تیۆری مرۆڤ و کار و قوتابخانە نوێیەکان و دەیان تیوری دیکە، کە تیورە کلاسیکی و کۆنەکانی داهێزران و رەخنە و هەڵسەنگاندنی نوێی بۆ کرد، لەم دەروازەیەوە دەکرێت هەڵسەنگاندنێکە گشت ئەو پرۆژە و کارە خزمەت گوزاریانەی ١٠ساڵی رابردوو بکەین، لە روانگە و راو بۆچوونی ئەو شارەزا ئابووریانەی کە پێوەرەکانی ئەقڵ و دڵسۆزی دەیانگرێ تەوە، ئەقڵێکی زانستی و ئابووری و دڵسۆزیەك بۆ بەرژەوەندی گشتی نەك بەرژەوەندی تەسك و کەمینە. داهات و خەرجیەکان لە بودجەی ساڵی نوێی هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەڵسەنگاندن و تێڕوانین هەیە، شەفافیەت لە ئاشکرا کردنی بڕی داهاتەکە و چۆنیەتی دابەشبوونی بەسەر کەرتە ئابووریەکان و هەڵسەنگاندنی ئەو بوارانەی بوودجەکەی بۆ سەرف دەکرێت و، وروژاندنی سودی ئابووری (جدوی الاقتصادی) پرۆژە پێشنیار کراوەکان و دانانی سیستەمێکی چاودێری زانستیانە هەمووی خاڵ و مەسەلەی پەیوەندداره بە گفتوگۆ کردن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی.

-٣-

ناوچە تازە ئازاد کراوەکان

کەرکوك و موسڵ و ناوچە تازە ئازاد کراوەکانی تر، کە بە ناوچەی ستراتیژیی و دەوڵەمەندی ئابووری و سامانی نەوت و کانزایی دادەنرێت، لە رووی سیاسی و دەسەلاتی حوکمەوە یەکلا نەکراوەتەوە، لە قۆناغی داهاتووی هەڵبژاردن و دانانی حکومەتێکی رەسمی و هەڵبژێردراو و دارژتنەوەی دەستوور کارێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە یەکلاکردنەوە هەیە.
ناکرێت لە گەورەترین مافی سیاسی و ئابووری نەتەوەیمان بێ دەنگ بین و، بە بیانووی بۆ قۆناغی ئینتقالی و داهاتوو فەرامۆشی بکەین.
لێرەدا مەسەلەی هەڵگرتنی تەعریب و گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئەنجومەنی پارێزگا و چۆنیەتی دامەزراندن و تەرخانکردنی بودجە و خەرجی بۆ پارێزگایانە جێی گومانە، کە تاکو ئەمرۆ لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغدا و بگرە دەسەلاتی هاوپەیمانانیشەوە پشت گوێ خراوە.

-٤-

پشێوی و بێ سەروبەری ئابووری

بوونی کەم و کورتی (خەلەلی) ئابووری لەلایەن دەسەلاتی باڵای پارتە کوردیەکانیشەوە دانی پێدانراوە، بەلام ئەمرۆشی لە گەڵدابێت چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، لەلایەك باس لە بازاری ئازاد دەکرێت لەلایەك قورخکاری و دەسەلاتی ئابووری مەرکەزی و کەرتی گشتی باڵادەستە ،بێ ئەوەی نە ئابووریە ئازادەکە وەکو سیستەم و یاسا پەیڕەو بکەین، نە ئابووریەکەی کەرتی گشتی بەپێی پلانی نوێ جێبەجێ بکەین. لەکاتی کەوتنەوەی گرفتێکی ئابووری ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەردەکەوێت، کە گرفتەکان هەمان گرفتی سانزدە ساڵی رابردووە وپاشکەوتەیی هەرێمەکە بەناوەندەوە دیار و لەبەرچاوە، لەبەر نەبونی وەزارەتێکی پەیوەندیدار بە ئابووری یاخود پلانداناں نا هەمانهەنگیەك لە نێوان وەزارەتەکانی دارایی و پیشەسازی و کشوکاڵ و هتد . . .هەیە، زۆر لە پرۆژە و کارە ئابووریەکانیش بێ ئەنجامدانی (سودی ئابووری) و بێ رەچاو کردنی ریز بەندی و خواست و ویستی هاوڵاتیان ئەنجام دەدرێ، عێراق و کوردستان کراوەتە بازارێك تەنیا بۆ ساخکردنەوەی کاڵا و بەرهەمی بێکەلکی وڵاتانی دەوروبەر.
ـ پشێوی و بێ سەروبەری ئابووری دەرهاوێشتەی قۆناغێکە، کە بڕیارە چەوتە ئابووریەکانی بە مەبەستی بەرژەوەندی تەسکی سیاسەتی دەدرا، بگرە ئابووری و گەشەکردن کرابووە قوربانی بۆ دەسەلاتێکی شمولی و قۆرخکار کە جەنگ و گەمارۆ و گەندەڵی بەسەر یەکێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی نەوتدا وەکو میراتی بۆ بەجێ هێشتووین.
لە دوای خۆشی کولتووری توند و تیژی و نائارامی تێکچوونی ئەمنیەت هێنا، ئەمانە هەمووی رەهەندەکانی بەسەر ئەم قۆناغەدا دیار و لەبەر چاوە، ئەرکی دەسەلاتی سیاسی کوردە بە وریایی و دووربینیەوە بڕوانێ بڕیارە ئابووری و، چەسپاندنی ئەو ماددە و بڕگانە کە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت و دەستووری هەمیشەیی بە زانستیانە و واقعیانە چارەنووسی ئابووری کوردستان مسۆگەر بکات.

* * *

* بەرێوەبەری نووسینی: ئابووری سیاسی

ڕاپۆرتی ئابوری

کومپانیای ئیکسون موبیل پێشبینی زیادبوونی خواستی جیهانی لە سەر ووزە دەکات

کومپانیای ئیکسون موبیل کە گەورەترین کومپانیای نەوتی جیهانی یە دەلێت خواستی جیهانی لە سەر نەوت (ووزە) سالانە بە رێژەیی (١,٧%)زیاددەکات تا سالی(٢٠٣٠)بە هوی بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی وئاستەکانی بژێوی خەلك لە ئاسیا .بەرێوبەری گشتی کومپانیای ناوبراو بو کارۆباری پلان دانان (ئالان کیلی) لە گونگرەیەك دا ووتی : ئێمە پێشبینی دەکەین کە خواستی جیهانی لە سەر ووزە نزیکەی(٢%)سالانە زیاد بکات ،وئاماژە بەوە دەکات کە رێژەیی ئەم خواستە رۆژانە بگاتە نزیکەی (٣٣٥)ملیون بەرمیل لە گەل نزیکبوونەوە لە سالی (٢٠٣٠)لە بەرامبەر (٢٢٠)ملیون بەرمیل لە سەردەمی ئێستا دا .ووتی ئەم زیادبوونە زیتر لە کێشوەری ئاسیادا رۆدەداتن ولە هەمان کات دا ولە هەمان کات دا داهاتی گشتی ناوخوی بە شێوەیەکی بە پەلە لە ناو ولاتانی ئاسیادا گەشەدەکات لە سەروی هەموویانەوە ولاتاتی چینی میللی (٦,٣%).

دراوسیەکانی عیراق بو قەرەبووکردنەوەی زیانیەکانیان لە بواری ژینگە دا هیچیان دەست نەکەوتووە

رۆژی هەینی رابردوو دبلوماتکاران وسەرچاوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رایانگەیاند کە ولاتانی دراوسیی عیراق داوای دەیان ملیار دولار دەکەن وەك قەرەبوکردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانەی کە بەر ژینگە کەوتوون لە سەردەمی شەری کەنداودا لە سالی (١٩٩٠ ـ ١٩٩١)بەلام پێشبینی دەکرێت کە لە رێگای رێکخراوی نیودەولەتیەوە پارەیەکی کەم دەستیان بکەوێت ،لە لایەن خویەوە ئەنجوومەنی پارێزگاری لیژنەی قەرەبوکردنەوەی سەر بە (UN)چاوخشاندنەوە بە هندێك داواکاری دەکەنەوە کە بە (٢٣)ملیار دولار دەخەملێندرێت لە ماوەی هەفتەی داهاتوو دا کە ئەمەش رێژەیەکی گەورە لە سەرجەم (٨٧)ملیار دولار پێکدئێنێت لە بەرامبەر ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی داگیر کردنی کوێتەوە لە سالی ١٩٩٠ وە پەیدابوونە .ئەو کومیتەی تایبەت کە بو ئەم مەبەستە دامەزراوە کە لە (١٥)کەس پێکدئێتن هەموو ئەو داواکاریانەی کە لە لایەن ولاتانەوە پێشکەش کردوون رەدکروونەوتەوە کە ئەویش بریتیە لە (٢٣)ملیار دولار .دبلوماتکاران رادەگەینن کە هەر یەکە لە کوێت (٧,٥ملیار دولار)وعەربستانی سعودیە(١١ملیار دولار)لە نێوان ئەو شەش ولاتانە دان کە داوای قەربووکردنەوە ئەو زیانانە دەکەن ك ژینگەی ولاتانی ئەوان تووشی هاتوون لە ئەنجامی شەرەکانی سەددام حوسێن لە وانەش ئوردن وئێران وسوریە وتورکیا.دبلوماتکارێکی سەر بە یەك لەو شەش ولاتانە کە نەیوسیت ناوی خوی ئاشکرا بکات بە ئاژانسی دەنگ وباسی (رویتەرز)راگەیاند کە ئێمە هەست پێ دەکەبن کە ئەو ئەو مەلەغەی کە پێش کەش دەکرێت زور کەمە لە چاو ئەو زیانانەی کە لە ژینکەکەمان کەوتووە .شیاوی ووتنە کە هێزەکانی عیراقی لە کاتی داگیرکردنی کوێت دا ئاگری لە مەلیونەها لتری نەوتی بیرەکانی کوێت دا بەردا لە ناو دەریاکە دا کە لە دوای خوی دا چەند پیسبوونی ژینگە وگەیاندنی زیان بە ئابووریەکانیان.ولە لایەن خویەوە حکومەتی کاتی عێراق ولاتاە دراوسیەکانی تاوانبار دەکات بەوەی کە داوای قەربووکردنەوە دەکەن وداوا کردووە کە (٤٩)ملیار دولاری تەرخان کراو بو زیانەکانی ژینگە لە داهاتی نەوتی عیراق بسرێتەوە وئیتر هیچ ولاتاتێك داوای قەربوونەکاتەوە.

یەکێتی ئەوروپا مەترسی کوچبەربوونی زیاتر لە (٢,٥)ملیون هاولاتی تورکی دەکاتن

راپورتێکی هولندی رادەگەینێت ئەگەر تورکیا توانیەتی ئەندامەتی لە یەکێتی ئەورووپی مسوگەر بکات ئەوە دەبێتە هوی کوچبەربوونی دوو ملیون و(٧٠٠)هزار هاولاتی تورکیا بەرەو ولاتانی ئەوروپا. هەروەها ئەم راپورتە دەلێت ئەگەر تورکیا تا سالی (٢٠١٠)توانیەتی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپی دا ئەو ملیونەها هاولاتیانی تورکیا دەتوانن کوچبەری ئەوروپا بن لە ماوەی (١٥)سال دا .لە لایەن خویەوە کومسیونی ئەورووپای لە راپورتێك د راگەیاند کە رێژەی کوچبەری بو ئەوروپا دەگاتە (١%) لە سەرجەمی دانیشتوانانی ولاتنی یەکێتی ئەوۆوپی.لە لایەکی ترەوە تورکیا پێشبینی ئەوە دەکات بو ماوەی نێوان (٢٠٠٥)و(٢٠٠٧)دا بتوانیت زیاتر وەبەرهەم هێنانی بیانی رابکێشێت بە بری زیاتر لە (١٥)ملیار دولار ئەویش بە پیی بەرنامەیەکی ئابووری حکومی کە رۆژی ١/ ١٢/ ٢٠٠٤ لە ئەنقەرە رایانگەیاندووە وەك ئامادەکاریەك بو گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا وبریار وایە کە یەکێتی ئەوروپی لە ١٧/ ١٢/ ٢٠٠٤ بریار لە سەر تورکیا بدەن بو دەستپێکردنی دانوستاندنی وەرگرتنی مافی ئەندامەتی.

لە نوێترین راپورت دا : رێژەیی هەناردەی وڵاتانی ئاسیایی بۆ ساڵی ئایندە روو لە کەم بوونە

راپورتێکی ئابووری کە لە لایەن بانکی (کریدی سویس فیرست بوستن) ی ئەمریکایەوە دەرچووە پێشبینی ئەوە دەکات کە رێژەیی هناردەکانی ولاتانی ئاسیاسی بو ماوەی سالی ئایندە دا رێژەیەکی کەمتر لە سالی ٢٠٠٤ تومار دەکات ئەویش بە هوی لاوازی خواستی جیهیانی لە سەر شتومەك، وگورانکاری لە بازارەکانی مەزاختن دا.راپورت چچەخت لە سەر ئەوە دەکاتەزوە کە هندێك فاکتەر هەن لە پشت ئەم پێشبینیەکانەوە کە رەنگە هناردەکان بە رێژەیی (١٥) تا (٢٠%)دابەزیتن.لەو فاکتەرانە بەردەوامی پاشگزبوونەوەی نرخی دولاری ئەمریکی لە بەرامبەر یەنی یابانی کە دەرئەنجام دەبێتە هوی دولار بەرامبەر دراوەکانی تری ئاسیایی دا.ئەم راپورتە ناو نیشانی (ئابووریەکانی ئاسیایی) لە خوی ناوە پێشبینی دەکات کە دراوی کوریایی باشوور (ئەلوون)زیاتر لە هەموو دراوەکانی تر بەرامبەر دولار بەرزبیتەوە پاشان دولاری تایوانی ودواتر دراوی تایلندی.

جویلی: پێویستە لە سەر وڵاتانی عەرەبی دەست بە جێبە جێ کردنی پرۆگرامەکانی ریفورمی ئابووری بکەن

ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی یەکێتی ئابووری عەرەبی (د.ئەحمەد جویلی) داوا لە ولاتانی عەرەبی دەکاتن کە پرۆگرامەکانی ریفورمی ئابووری وپێشخستنی پرۆگرامەکان ویاساکانی وەبەرهەم هێنان جێبە جێ بکەن.جویلی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی(سیاسە)ی کوێتی ووتی : ئێمە پێویستیمان بە زیات کردنی ئاستی وەبەرهەم هێنانەکانین بو نزیکەی (٢١٠)ملیار دولار بە شێوەیەکی سالانە بە زیادبوونێکی سالانە کە دەگاتە (٧٠)ملیار دولار وبو ماوەی دەهـ سالْ بو مەبەسەتی دووبارە ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدانی ناوچەی عەرەبی وگەیاندنی بە ئاستێکی پێشکەوتوو .ئەمەش بە رێگای دروستکردنی میکانیزمەکانی هاوکاریکردن لە نێوان حکومەتەکانی عەرەبی وکەرتی تایبەت لە سەر ئاستی ناوخوی ونێودەولەتی دا دەست دەکەوێت.

* نوسەر و رۆژنامەنوس